لیوا ڕەسوول: هاوپەیمانی نەوەوەتی بووەتە فاکتەری ناسەقامگیری و عێراقی بە ناو ململانێکان هاکشاوە

وتەبێژی فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان، لیوا یەحیا ڕەسوول، ئەمڕۆ پێنجشەممە، جەختیکردەوە کە هاوپەیمانی نەوەوەتی بووەتە فاکتەری ناسەقامگیری بە عێراق، ئەمەش ئاماژەیە بە ئەوەی حکومەتی عێراق، هەوەی زیاتر بدات بە کتاییهێنان بە ئەرکی ئەم هاوپەیمانییە.

لیوا یەحیا ڕەسوول وتەبێژی فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکان لە راگەیندراوەکدا باوبکردەوە" هێزەکانی ئەمریکا دووبارە و بە شێوەیەکی نا بەرپرسانە هەموو ئەو کارانە ئەنجام دەدەن کە دەبێتە هۆی لاوازکردنی لێکتێگەیشتنەکان و دەستپێکردنی گفتوگۆی دوو قۆڵی، هەڕەسان بە ئەنجامدانی پرسەیەکی تیرەرکردنی هوون و ئاشکرا، لە ڕێگەی هەرشەکی ئاسمانییەوە لە ناوەڕاستی گەڕەکەکی نیشتەجێبوون لە بەغدادی پایتەخت. بە بە گوێدانە ژیانی هاوڵاتیان مەدەنی و یاسا نەوەوەتییەکان".

ناوبراو وتیشی ئەمەش هەڕەشە لە ئاشتی مەدەنی و پێشلکردنی سەروەری عێراق دەکات و ژیانی ڕۆڵەکانی گەلەکەمان دەخاتە مەترسییەوە، لەوەش مەترسیدارتر ئەوەیە کە هاوپەیمانی نەوەوەتی ئەو هەکار و مەبەستانە تەدەپەڕێنێت کە لە پەناویدا بوونی هەیە لەسەر خاکەکەمان.

لیوا ڕەسول وتیشی "ئەم ڕەچکەیە لە هەموو کاتێك زیاتر پاڵ بە حکومەتی عێراقەوە دەنێت بە کتایی هێنان بە ئەرکی ئەم هاوپەیمانێتییە، کە بووەتە فاکتەرێکی ناسەقامگیری بە عێراق و هەڕەشە دەکات بە

ڕاکێشانی عێراق بە ناو بازنەی ململانێکان و هێزە چەکدارەکانمان دەتوانن تەنها ئەرك و ڕاسپاردە دەستوورییەکانیان جێبەجێ بکەن کە پێیوستە بە پاراستنی ئاسایشی عێراقییەکان و خاکی عێراق لە هەموو هەڕەشەکان"، لە کۆتایی ڕاگەیندراوەکە درود بە گیانی پاکی شەهیدانی ئێم هەرشە و هەموو شەهیدانی عێراق نارد.